helwist.com
Kurdish Independent Left Web Publication
هەڵوێست
نێت بڵاوکراوەی چەپی سەربەخۆی

# له یادی 20 ساڵەی ڕاپەرینە مەزنە جەماوەریەکەی باشووری کوردستان

## بیرەوەریی پێشمەرگەیەکی ڕۆژهەڵاتی بەشدار لەو ڕاپەڕینە

### خالید دروودی



بیست ساڵ پێش ئێستا کاتێک کە سەدام حوسین سەرۆک کۆماری ئەوکاتەی ئێراق لە هێرشێکی شێتانەدا بۆ سەر وڵاتی کویت و پاشانیش لە شەڕ لەگەڵ ئامریکا و هاوپەیمانەکانی تووشی شکست هات. دەرفەتێک  بۆ کوردەکانی باشوور رەخسا کە دژی هێزی بەعس راپەڕن و لە نزدیک بە حەوتوویەکدا زۆربەی شارەکانی کوردستان کەوتنە دەستی هێزی پێشمەرگەی بەرەی کوردستانی کە لە چەند رێکخراوێکی باشوور پێکهاتبوو.  ئەو دەمە من ئەندامی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران باڵی ریبەرایەتی شورشگێر بوم و مەقەڕەکانی ئێمە  لە نزدیکی شاری رانیە هەڵکەوتبوون.

 یەکەم شوێن کە جەماوەر راپەڕین شاری رانیە بوو. پاشانیش هەر لە رێگای سۆنیٚوە  هیزی پێشمەرگە (کە ئەودەمە بە زۆری نیشتەجیی وڵاتی ئێران ببوون) گەڕانەوە بۆ شاری رانیە و لەوێشەوە روویان لە شوێنەکانی تری کوردستان کرد. هەربۆیەش  شاری رانیە بە دەروازەی ئەم ڕاپەرینە ناو برا.هەر ئەو دەمە من بریارم دا  لە ئەم راپەرینەدا بەشداری بکەم. بۆ ئەو مەبەستە. نامەیەکەم نووسی بۆ کومیسونی پێشمەرگەی حیزب و  لە هەڵویستی خۆم ئاگادارم کردن و بەلێنیشم پێدان کە ئەگەر نەکوژرام چەکەکەیان بۆ بێنمەوە. هەر لە یەکەم دەرفەت خۆم گەیاندە شاری رانیە. لەوێش بە هەڵکەوت لەگەڵ هێزێکی پێسمەرگە کەوتم کە نەم ئەزانی هی کام رێکخراون. لە نزدیک ئوردوگای حاجی ئاوا لەگەڵ چەندکەسێکیان ئاشانا بووم ئەوانیش منیان بە پەرپرسەکەیان کە ناوی سەلیم ئاغا بوو ناساند. سەلیم ئاغا لە ئاغاکانی قەڵادزێ و پێشمەرگەی چەندین ساڵەی رێزەکانی یەکیتی نیشتمانی و یەکێک لە فەرماندەکانی تیپی 91 سەفین ئەم رێکخراوە بوو. بەگەرمی بەخێر هاتنی کردم وەک یەکێک لە خۆیان وەری گردم. ئیتر کەوتمە ریزی پێشمەرگەکانی ئەم هێزە.

لای ئێوارە پێیان وتین کە ئەبێت خۆمان ئامادە بکەین بۆ هێرش بردن و رزگارکردنی شاری کۆیە بۆ ئەم مەبەستە سواری چەندین سەیارەی عەسکەری و مەدەنی بووین. بەڵام نازانم بۆ لە نێو رێگادا پڕیارەکەیان گۆڕی و ئێمەیان نارد بۆ رزگار کردنی شاری شەقڵاوە. رێگای ناوچەی حەریر و نازەنین رێگاێکی پڕ لە بەفر و دژوار بوو. هەر بۆیە پاش چەندین جار چەقانی سەیارەکان لێیان نائومید بووین پڕیاریان دا کە بە پێ  پاشماوەی رێگاکە ببڕین. شەوێکی سارد بوو تەنانەت دوایی بیستمان کە ئەو شەوە پێشمەرگەیێک لە سەرمان رەق هەڵهاتووە. گوندەکانی ئەم ناوچەش وەک زۆربەی شوێنەکانی تری باشووری کوردستان بە دەستی رژیمی بەعس وێران کرابوون و خەڵکەکەی بە زۆرەملی کۆچ درابوون بۆ ئوردوگاکانی نزدیک شارەکان. لە چەند شوێنیک توانیمان چەند ئاگرێک بکەینەوە ئەمەش تین و گورێکی پێداین. هەتا لای بەیانی گەیشتینە قەراح شاری شەقڵاوە. کۆسرەت رەسوڵ پەرپرسی ئەسڵی ئەم هێزەی ئێمە بوو کادرێکی یەکیتی بەناوی کارزان کە خەڵکی شەقڵاوە بوو. ناردرا

بوو کە پێوەندی بە چەند سەرۆک جاشیکی ئەم ناوچەوە بگرێت و هەوڵ بدا کە بێنە ریزی پێشمەرگە یان هەر هیچ نەبێت شەڕمان لەگەڵ نەکەن. ماندوویی و برسیەتی و سەرما وای لێ کردین کە چاوەڕێی هەواڵی کارزان نەبین پرۆینە یەکەم گەرەکی شاری شەقلاوە. کە لە درگای ماڵەکانمان دا خەڵکی گەرک باوەڕیان پێ نەئەکردین کە پێشمەرگەین و بە رۆژی رۆشن هاتووینەتە نێو شار. لە ماڵێک خەریکی خواردن و خۆ گەرم کردنەوە بووین کە رادیوکەی یەکیتی نیشتمان هەواڵی رزگار بوونی شاری شەقلاوەی بڵاوە کردەوە. هاوکاتیش لە نێو شار تەقە دەستی پێکرد. ئیتر بە پەلە خۆمان گەیاندە شوێنی شەڕ. بە ڕێگاوە بۆ شوێنی شەڕەکە. خەڵکی شار لە ماڵ هاتبوونەدەرەوە لە کۆلانەکان بە چەپلە و ژنان و کچان بە حیلەی وەک عەرەبەکان کە دەست بە دەمیان ئەگرن و قولەێکی تایبەتی ئەکەن. بەخێرهاتنی پێشمەرگەیان ئەکرد. وایان نیشان ئەدا کە لە هاتنی ئەم هێزە رزگاری دەرە خۆشحاڵن.

کوردە چەکدارەکان بایان دابووەوە بڵێنیان دابوو کە هاوکاری هێزی پێشمەرگە بن. بەڵام بەعسیە عەرەبەکان شەڕیان ئەکرد. ئەم شەڕە نزیک ساعاتێکی خایاند ئەو جار شار کەوتە ژیر دەستی پێشمەرگە. پێشمەرگەیک بە ناوی هەژار و کەسیکی مەدەنی لەم شەڕدا گیانیان لە دەست دا. شەو لە شار ماینەوە. بەیانی کۆ بووینەوە هەتا هێرشەکانمان بەردەوام بکەین بەرو مەسیف سەلاحەدین لەوێشەوە بۆ شاری هەولێر. چەندین جار فرۆکە شەڕکەرەکانی ئێراق هاتنە سەر شار بەڵام هەموو جارێک پاش هێندیک تەقە ون ئەبوون. ئەو جۆرە فرۆکانە روسی بوون کە بە پیلاتوز ناسراو بوون لە بەرزاییەکی زۆرەوە دەنگێکی بۆرە بۆری تایبەتیان هەبوو ناوچەکەیان چاوە دێری ئەکرد. جار جاریش تەقەیان لێ ئەکردین. لە مەسیف تووشی هیچ شەڕێک نەبووین هەتا شەو درەنگانێک لە ئەو شارە ماینەوە. پاشانیش بە پێیان بەڕێ کەوتین بۆ ئوردوگای مەلاعومەر کە کەوتووتە نێوان مەسیف و شاری هەولێر . ئوردوگای مەلاعومەر بە سەر چەند ماڵدا دابەش بووین. چاوەروان ماینەوە کە رۆژ بێتەوە بۆ هێرش کردن و رزگاری شاری هەولێر.

بەیانی پاش خواردنی سوحانە. خۆمان ئامادە کردبوو و چاوەڕوانی دەستوری بەرپرسان بووین. ئێمە نەمان ئەزانی کە بەرپرسەکان چ پلانێکیان داناوە بۆ هێرش کردنە سەر دامودەزگاکانی بەعس لە شاری هەولێر! بەڵام ئەم چاوەڕوانیەی ئێمە زۆری نەبرد. چون لەو کاتەدا لە نێو شاری هەولێر تەقە دەستی پێکرد. دیار بوو کە پێشتر هێزێکی پێشمەرگە ناردرابووە نێو شار بە هاوکاری جەماوەری ڕاپەریوی شاری هەولێر هێرشیان بردبووە سەر دوژمن لەم شارەدا. چاوەڕوانی ئیتر بۆ ئێمە لە ئوردوگای مەلاعومەردا مانایەکی نەبوو. هەر بۆیە بەرەو نێو شار بەڕێ کەوتین. دوژمن لەسەر ڕێگای ئێمە هێزیکی زۆر بە چەندین تانک و نەفەربەرێکەوە دامەرزاندبوو. هەرکەسێک بەرەو شار ئەچوو تەقەیان لێ ئەکرد. نازانم بە هۆی کاری کشتوکاڵەوە یان لەبەر کاری نیزامیەوە بوو. کاناڵێکی درێژ نزدیک بە 5 میتر قوڵ و بە پانای 7 میتر لە پشتی شاری هەولێر راست لەو شوێنەی کە ئێمەی ئەبردە نێو شار هەڵکەندرابووا؟ ئەم کاناڵە چوونە پێشەوەی ئێمەی ئاسانتر ئەکرد.. هێزەکەی دوژمن نەیانتوانی بەربەرکانێیەکی وامان لەگەڵ بکەن ئەگەر چی چەند کەسیکیان لە سەر جادە بۆ نێو شار کوشت و بریندار کرد. بەڵام هێزەکەی ئێمە خۆمان گەیاندە مەعەسکەریکی گەوری نێو شار. چەند عەرەبی بەعسی شەڕیانکردبوو کە پێش گەیشتنی ئێمە لە بەر درگای ئەسڵی مەعەسکەرکەدا کوژرابوون. ئیتر کەس لێرە دژی ئێمە شەڕی نەکرد. لەنێو مەعەسکەرەکەدا هۆڵێکی گەورەی تاریک هەبوو من یەکەم کەس بووم کە درگاکەم کردەوە. لەگەڵ کردنەوەی درگاکەدا. نێو هۆڵەکەش رووناک بووەوە. زیاتر لە پەنجا کەسی لێ بوو. زۆربەیان عەرەب بوون و خۆیان حەشار دابوو کە منیان بینی دەستیان دایە چەپڵە لێدان. تێگیشتم کە لە ترسی گیانی خۆیان ئەم چەپڵەیان لێ دەدا. منیش کە لەو کاتەدا تەنیا بووم نازانم بۆچی لە پێشمەرگەگانی تر دابرابووم و هیچ چاوەڕوانی ئەم رووداوە نەبووم و تاکوو رادەیەکیش ترسا و حەپەسام. بەڵام هەوڵم دا ترسەکەم نیشانی ئەوان نەدەم و ئارام بە نێویاندا تێپەڕیم. هاوکاتیش هەر ئان چاوەڕوان بووم کەسێکیان چەکی هەبێت و تەقەم لێ بکات. بەڵام ئەیانزانی کە کاری وا بە زیانی خویشیان تەواو ئەبێت. لەوان تێپەریم هولێکی تر پر بوو لە تەختی عەسکەری نەخۆش و بریندار. دیار

بوو ئەم بەشە بەشی نەخۆشخانەی مەعەسکەرەکە بوو. یەکێکیان دەستی گردم وتی ئەبێت یارمەتیمان بەی! بردمی بۆ شوێنیک کە بەشی سجن(زیندان) بوو. سجنیەکانیش هەموو عەسکەری بوون دیار بوو هەرکامەیان بە هۆی تاوانێکەوە سزا درابوون. کەسیش کلیلی درگاکانی پێ نەئەزانی. بە دەست تێیانم گەیاند کە خۆیان بدەنە قەراخەوە بە چەند گوللە درگاکانم بۆ شکاندن ئەوانیش لە سجن ئازاد بوون. ژن و منداڵی گەرەکەکانی نزدیک رژابوونە نێو مەعەسکەرکە هەرکەسەو شتێکی بە تاڵان ئەبرد. وا بزانم ئەم جێگایە گەورەترین شوێنی عەسکەری رژیم بوو لە هەولێر. بە سەدان چەکی جوراوجۆری تێدا بوو. دەیان سەیارەی عەسکەری و مەدەنی لە حەوشی گەورەی ئەم شوێنە پارک کرابوون. پاش نیو ساعات بێجگە لە دیوارەکانی. شتیکیتری لێ بەجێ نەمابوو. هەمووی لە لایەن خەڵکەوە بە تاڵان برا. تەنیا یەک کەسم بینی کە دڵسۆزانە هەوڵی ئەدا کە چەکوچۆڵەکان کۆ بکاتەوە. بە قسەی خۆی ئەو کارەی بۆ ئەوە ئەنجام ئەدا کە هەموی بداتە دەستی هێزی پێشمەرگە . منیش چەند چەکێکم هێنا کە بیگێنمە ئەو کەسە دڵسۆزە. کەچی منداڵێکی دە تا دوازدە ساڵەم لێ پەیدا بوو "خارە گیان خارە گیان"( زاراوەی هەولێری کە پرێک لام بە رێ دەردەپرن). کورە لێم پاڕاوە کە یەکێک لە چەکەکانی بەمێ. لێم پرسی جا منداڵێکی وەکوو تۆ چەکت بۆ چیە؟ وتی خارە هەموو هاورێکانم چەکیان هێناوە هەر من نەبێ. پێم عەیبە بێ چەک بگەرێمەوە لایان. بە دڵ و نابەدڵ چەکێکم پێدا ئەوانی تریش بێجگە لە یەکێکیان نەبێت کە بۆ خۆمم ڕاگرد کە دوایی چەکەکەی حێزبی دیموکراتم ناردەوە. بێ چەک نەبم ئەوانی ترم لە سەیاری کابرا کە چەکەکانی کۆ ئەکردەوە هاویشت. ئیتر نەم زانی بەڕاست کابرا بە نیاز پاکی ئەم کارەی ئەکرد یان دوایی هەمووی ئاودیوو کردا؟ من دوایی بیستم کە لەو شەڕەدا پێشمەرگەیەکی دەستەکەی ئێمە کە خەڵکی لای قەڵادزێ بوو گیانی لە دەست دا. بەداخەوە ناوەکەیم لەبیر نەماوە. دوایەش کە شاریش لە لایەن دوژمنەوە کەوتە بەر تۆپباران بە دەیان خانوو وێران کران. بێ گومان خەڵکێکی زۆر چ پێشمەرگە و چ خەڵکی مەدەنی لەم رۆژەدا گیانیان لە دەست دا یان بریندار بوون. (من تەنیا ئەو شتانە ئەگێرمەوە کە خۆم شاهیدی ڕووداویان بووم. دەنا ئەو ڕۆژە لە شاری هەولێر لە دەیان شوێن جەماوەر و پێشمەرگە هێرشیان بردە سەر دامودەزگاکانی حکومەتی بەعس و لە زۆرشوێن شەڕ و کوشت و کوشتار کرا) ئەورۆژە خەڵکی ڕاپەڕیوی هەولێر بەردەوام بوون لە ڕاونانی بەعسیەکان و لای پاش نیوەڕۆ شاری هەولێر بەتەوای رزگار کرا.

هیزەکەی ئێمە بۆ شەوی یەکەم لە مەرکەزی شورتەی هەولێر جێگیربووین. ئیتر منیش تەنیا پێشمەرگەی خەڵکی رۆژهەڵات نەبووم چەند هاورێیتریش هاتبوون و لە رزگارکردنی شاری هەولێر بەشداریان کردبوو. دیارجەناح. سەید حسین و خالید کە هەرسێکیان پێشمەرگەی ناوچەی مەهابادی حیزبی دیموکرات (ریبەرایتی شۆرشگێر) بوون ئێستا هاتبوون هەموو پێکەوە بووین. ئەو چەکە زیادیەش کە بۆ خۆمم ڕاگردبوو. دام بە خالید و دیسان قەرزداری حیزبی دیموکرات مامەوە!

هەر وەک وتم پاش رزگاری شاری هەولێر لە عەرەبە بەعسیەکان ئێمە لە ناوەندی شورتەی شار جێگیر بووین. خەڵکی شار لە ئازاد بوونی شارەکەیان خوشحاڵ بوون. بەڵام ئەم خوشحاڵیەی خۆیان لە ڕێگای تەقەکردنی بێ پسانەوە ئەویش بە هەموو جۆرێک چەکێک کە دەستی خەڵک کەوتبوو نیشان ئەدا. هەرچێ بەرپرسەکان بە چەندین شێوە خەڵکیان ئاگادار دەکرد کە تەقەی خۆشی ڕاگرن فایدەی نەبوو. ئەم تەقانە هەروا بەردەوام بوو. بەر بەڵاوی چەکێکی زۆر و تەقەکردنی بێ ئاکام بووە هۆی کوژران و بریندار بوونی خەڵکێکی زۆر. بە جۆرێک کە ئێمەیان نارد بۆ پاریزگاری لە نەخۆشخانەی شار کە پەیتا پەیتا خەڵکی برینداریان بۆ ئەهێنا.سەرەرای ئەوەی کە ئێمە زۆر ماندوو بووین بەڵام لە سەر داوای دوکتورەکان ماینەوە بۆ پاریزگاریان. تەقەی خۆشیش هەر بەردەوام بوو.

ڕۆژی دوایی پێان وتین کە بەتەماین بچین بۆ رزگار کردنی شارۆچکە مەخموور. کاتێک گەیشتینە مەخموور بەعسیەکانی بێجگە لە یەک کەسیان کە کوژرابوو ئەوانی تریان هەڵهاتبوون. وای لێ تێگیشتم کە

نیوەی دانیشتوانی مەخمور کوردن و نیوەکەی تریش عەرەب. بۆ یەکەم جار دارخورمام لەم شوێنە بینی کە بە درێژای شەقامی ئەسڵی شار بەرز راوەستابوون دیمەنێکی عەرەبییان دابوو بەم شارە.

بە هۆی ئەوەی خەڵکی ئوردوگای دارەتوو بە زۆری خەڵکی لای قەڵادزێ بوون و هەروەها ئەو دەستە پێشمەرگەیەش کە ئێمەیان لەگەڵ بووین بێجگە لە چەند کەسیکیان خەڵکی سلێمانی بوون. زۆربەیتریان خەڵکی لای قەڵادزێ بوون. هەربۆیە بۆ سەردان چووینە ئوردوگای دارەتوو کە لە دەرەوی هەولێر و لەسەر ڕێگای هەولێر کەرکوک هەڵکەوتبووە. ئاغاکانی خزمی سەلیم ئاغای فەرماندەمان پێشوازیان لێکردین. حەمام. خواردن و خەوتنێکی خۆش لە ئەو ئوردوگا بووە هۆی هاتنە سەرخۆ و هێزێکمان تێدا پەیدا بوو. پێیان راگەیاندین کە بۆ هێرش بردنە سەر پردێ (کە عیراق ناوی نابوو ئاڵتون کوبری) کە ئەویش شارەدێیەکی نێوان هەولێر ـ کەرکوکە خۆمان ئامادە بکەین. کاتێک گەیشتینە پردێ هێزی دوژمنی تێدا نەمابوو. بۆیە بەردەوام بووین بۆ کەرکوک. لە نێوان پردێ و شاری کەرکوکدا ئەنبارێکی یەکجار گەورەی جەیشی ئێراقی لێ بوو کە بە قەد چەندین گۆرەپانی یاری فوتباڵ پان و گەورە بوو. بە سەدان جۆرە چەکی قورسی هێشتا تێدا مابوو. سەدان جۆرە جیهازی (بیسیمی راکاڵ) زۆر زۆر شتومەکی نیزامی کە ئەکرا دواتر لە لایەن هێزی پێشمەرگە دژی هێزی دوژمن بکار بەهاتبایەت. ئەم شوێنە پێشتر فڕۆکە ئامریکاییەکان بومببارانیان کردبوو ئێستاش کوردەکان تێی رژابوون تالانیان ئەکرد. لە بەر ڕوونی هەوا نەمانتوانی زیاتر لەوە نزدیکی کەرکوک بینەوە هەر بۆیە لە دەوروبەری ئەم مەعەسکەرە چاورێ ماینەوە کە هەوا تاریک دابێت ئەو جار بەرەو کورکوک بەڕێ کەوتین. زۆری پێ نەچوو کە فرۆکە پێلاتوزەکانی رژیمی ئێراقمان دیسان لێ زاڵ بوونەوە. دەستیان کرد بە تەقە کردن لە ئێمە و ئەوخەڵکەکە کە هێشتا خەریکی تاڵان کردنی شوێنەکە بوون. من کە پێشمەرگەی ناوچەی پڕ لە شاخ و داخی رۆژهەڵات بووم بە شەڕی شاخ را هاتبووم ئێستا لەم دەشتی کاکی بە کاکیدا بەردەکانی شاخی شاهۆم هاتبووەوە بیر و خۆزگەم ئەخواست بۆ بەردێک کە خۆمی لەلادا حەشار بدەم بەدەست فڕۆکەی سەدامەوە. (ئەوکاتە پێ نەئەکەنیم بەڵام دوای هەرجاریک ئەم ڕووداوەم ئەکەوتەوە یاد بۆ خۆم پێ ئەکەنم کە چۆن ڕاست لەو کاتەدا من بەردەکانی شاخی شاهۆم لەلا خۆشەویست بون) پاش هێرشی فڕۆکەکانی رژیمی ئێراق بۆ سەر ئێمە ئەو هێزە پێشمەرگە کە خۆمان ئامادە کردبوو بۆ چوونە نێو شاری کەرکوک. بە خوشیەوە کەس لە ئێمە بەر نەکەوت بەڵام لەو خەڵکەی کە بۆ تاڵان کردن هاتبوون چەن سەیاریەک بەر کەوت تەنانەت یەکێک لە سەیارەکان کە سەیارەی باریی بوو بە هۆی بەرکەوتنی لە لایەن فڕۆکەوە پشتی ئاگری تێ بەر ببوو شوفیرەکەی دیسان هەوڵی ئەدا کە هەرجۆرێک بووە خۆی لەوناوە رزگار بکا و بە توندی لێ ئەخوری و هەرچەندە زیاتر لێ ئەخوری ئاگری پشتی سەیارەکە زیاتر گڕ و بڵیسەی دەسەند. ئەم کارە بەردەوام بوو هەتا لە پێش چاوی ئێمە ون بوو. وابزانم مەبەستی ئەم هێرشەی رژیم بۆ سەر ئێمە ئەوە بوو کە پێشگیری بکات لە چوونە پێشەوەی ئێمە بۆ نێو شاری کەرکوک. لێرەدا تووشی دوو پێشمەرگەی تر حیزبی دیموکرات (ڕێبەرایەتی شۆرشگێر) بووین کە لەم دوو کەسە هەر ناوی یەکێکیانم لە بیر ماوە ئەویش بە ئەبوو بەناوبانگ بو. ئەوانیشمان لەگەڵ کەوتن. لەم بەرەیەدا ئێستا ئێمە 7 کوردی رۆژهەڵات بووین و بۆ رزگاری شاری کەرکوک کە خەونێکی چەندین ساڵەی کوردەکان بوو.

شان بە شانی پێشمەرگەی باشوور و جەماوەری ڕاپەڕیوی ئەم ناوچە خۆمان ئەمادە کردبوو بۆ ئەوەی ئەگەر کرا ئەم خەونەی گەلەکەمان بەدی بێنین. ئێوارەی ئەو رۆژە کە هەوا تاریکی کرد هێزەکەی ئێمە بێ شەڕ و تەقە گەیشتینە گەرەکە کوردنشینەکانی شاری کەرکوک. پێشمەرگە لە لای سلیمانی و چەند شوێنی تر هێرشیان هێنابووە نێو شار و زۆربەی شاریان گردبووە دەستی خۆیان. شەڕ بە توندی بەردەوام بوو لە هەموو لایەکەوە تەقە ئەکرا دەنگی هەلیکۆپتر و فرۆکە کە بە سەر شارا ئەگەران یان هێزەکانیان جێبەجێ ئەکرد بێ پسانەوە ئەهات. ئەمەش نیشانەی بەردەوامی شەڕێکی قورس بوو. دیار بوو هەموی رۆژەکەی شەڕی قورس کرابوو لە نێوان جەماوەر و پێشمەرگە لە لایەک و هیزی رژیمی بەعسیش لەلایەک لە شاری کەرکوک دا. کە رۆژمان لێ بووەوە. شار تا رادەیەک ئارام بووو. دەنگی تەقە و شەڕ زۆر بە کەمی ئەبیسرا. هەمووی شار کەوتبوە دەستی پێشمەرگە.

تەرمی کوژراوەکانی شەڕی رۆژی پێش و دوێنێ شەو لە زۆر شوێنی شەقامەکانی شاردا ئەبینرا. ئەو رۆژە لە کەرەکی رەحیم ئاوای شاری کەرکوک قوتابخانێکی ئەو گەرکەیان  دیاری کرد بۆ شوینی مانەوەی ئێمە. پێش نیوەرۆ چەند چەکدارێک بە چەند ماشینەوە لە حەوشی قوتابخانەکەدا پیدابون. ئەوان گاوسندوقێکیان(سەیف) لە تەک خۆیانا هێنابو. لە سەیارە هێنایانە خوارەوە. وادیار بوو لە بانک یان دایرەیەکی حکومەتی هێنابوویان و بە هیوا بوون کە پر بێت لە پارە. زۆر هەوڵیان دا. بۆیان نەکرایەوە. گوێم لێ بوو سەر دەستەکەیان کە دیار بوو خۆی بە ژیر و ئاقڵی  لەوانی تر ئەزانی دەستێکی هەێنایە سمیڵە زەلامەکەیا و بە ئەوانی تری وت  ئەیبەینە دەرەوەی شار بە ئارپیچی تەقەی لێ ئەکەین. وانەبێت بۆمان ناکرێتەوە ئیتر لێیان دا رۆیشتن و نازانم چییان بە چی کرد. بەڵام هەتا ماویک ببوونە هۆی پێ کەنینی ئێمە.

لای نیوەڕۆ پێیان وتین کە لە کەرکوک بێجگە لە مەعەسکەر خالید کە ئێستا ئەڕێت پرۆین بۆ گرتنی.  هەمووی ئەو شاری لە هێزی دوژمن چوڵکراوە. مەعەسکەر خالید کەوتوتە سەر رێگای کەرکۆک ـ تکریت و  یەکێک لە پادگانە هەرە گەورەکانی رژیم بوو لە کوردستان. کاتێک لەو شەقامەی کە محافزەی شاری لێ هەڵکەوتبوو زۆربەی هێزی پێشمەرگە چاوەڕێ پریاری بەرپرسان بووین لە مەعەسەکەر خالیدەوە دراینە بەر گوللە تۆپ و هەرکەسەو لە بەر گیانی خۆی لە قەراخ دیوارێک خۆی حەشار دا. راست لەو کاتەدا بەرپرسیکی پێشمەرگە لەگەڵ ژنێکی قژکاڵ کە دیار بوو کوردیش نەبو کەوتنە گەران و چاوەچاو کردن و هەر لەدورەوە دیاربوو بە دوای کەسێکا ئەگەرێن. ژنەکە سەری شکابوو لاێک لە قژی کاڵەکانی لە خۆیندا سوور هەڵگەڕابوو . دانە بە دانەی پێشمەرگەکانیان پێ نیشاندا کە گەیشتنە لای ئێمە بەرپرسەکە وتی ئەم ئافرەتە ئەڵێت دوو پێشمەرگە هاتوونەتە ماڵم و دەست درێژیان پێ کردووم. لێان داوم و پارە و زێریان لێ بردووم! ئێستا چاوتان لێ ئەکا چۆن ئەڵێت ئەگەر دوکەسەکە ببینێتەوە بە شێوە ئەیاناسیتەوە. رووم لە دیاری هاورێم کرد پێم وت جاوەرە دیار.  گیانی خۆت بخە ئەم مەترسیەوە. ئێستاش بە دز و تاوانبار دەرچین چی بکەین خۆ کەس نایە بەفریامانەوە. باش بوو ئەو تاوان بارانە هیچیان لە ئێمە نە ئەچوو یان ئێمە لەوان نەئەچووین کە ئەو ژنە تەعدالێکراوە ئێمە بە هەڵە دەستنیشانمان بکات.  هیچ کام لەو پێشمەرگانە کە ئەو کاتە لەوێ بوون دەستنیشان نەکرد. ئەو دەمە بەداخەوە زۆرکەس هەبوون کە لە کاتی رزگار کردنی شارەکان لە جێگای هەوڵ دان بۆ بەشداری لە پاراستنی شوێنەکان دەستیان ئەکرد بە تاڵان تەنانەت ئەچوونە نێو ماڵی خەڵکی ئاسای بە ناوی پێشمەرگەش دەیان کاری ناشایستییشیان ئەنجام ئەدا کە ئەم ژنە نموونەیەک بوو لەم جورە کردەوانە .

هێشتا لەبەر محافزە(ئوستانداری)ی شار مابووینەوە کە بینیمان سەیارەیەکی ژمارە سوور کە ئەوکاتە لە ئێراق ئەم ژمارە سوورانە تایبەت بوون بەغەیرە ئێراقیەکان  پەیدا بوو. غەفور هەمزەی بەرپرسی پێوندییەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە وڵاتی ئێراق چەند کەسێکی خۆیانی دابەزاند و چوونە نێو بینای محافزەوە. ئیتر بۆچی راست ئەو دەمە ئەمانە دەرکەوتن هەتا ئێستا بۆ من جێگای پرسیارە! ئەو دەمە نێوانی حیزبی دیموکرات و ئێمە کە لێیان جیاببووینەوە زۆر ناخۆش بوو. تەنانەت شەڕمان لە نێوانا پەیدا ببوو و کەسیان لێ کوشتبووین. هەربۆیە پێمان باش نەبوو کە پرۆینە لایان و لە هۆی هاتنی ئەم کۆنە هاوسەنگەر و هاو بیروباوەڕانەمان پرسیار بکەین! کورێکی ئیرانیشیان لەگەڵ بوو کە چەند ساڵێک بوو لە رێزی حیزبی دیموکرات دا ئەبینرا بە ناوی حەسەن فارس کە کاری وێنە کێشان و فیلم هەڵگردتنی ئەنجام ئەدا. دوایی بیستم هەر لەم شەڕانەی کەرکوکدا بێ سەرو شوێن تێدا چووە. هەروها لە گەرەکی رەحیم ئاوا تەرمی کوژراوێک لە شەقامێکی ئەو ناودا مابووە. پێاوێکی تەمەن نزدیک بە سی ساڵێک دیار بوو پانتۆڵێکی کوردی لە سەر پانتۆڵێکی لی (یینز) کردبوو دیار بوو ئەم کارەشی بۆیە کردبوو کە نیشان بدا  سەر بە لایەنی کوردییە نەک رژیم. دوای بیستم کە یەکێک لە ئەندامانی رێکخراوی رێگای کریکار لە شەڕەکانی کەرکوک بەشداری کردووە وایان دانا بوو کە هەر لەویش کوژراوە. کە ئەمەم بیست بیرم بۆ لای ئەم تەرمە بێ خاوەنە رۆیشت وای بۆ چوم کە رەنگە هەر  ئەو بێت. کاتیک من ئەم تەرمەم

بینی هیچ ناو نیشانیک و نوسراویەکی لا نەمابوو دیار بوو کەسانی پێش من ناسنامەکەی ئەویشیان بەتاڵان بردبوو.

بۆ خۆ ئامادە کردن و هێرش بردن بۆ سەر مەعەسکەر خالید و رزگاریی یەکجاری شاری کەرکوک و هێنانەی دی خەونێکی دێرینی کورد. خۆمان نزدیکی ئەم شوێنە کردەوە. هێزەکەی ئێمە لە گەرکێک کە بە ماڵی شەهیدەکان ناسراوبوو دامەرزا. ئەم گەرەکە کە زیاتری دانیشتوانی عەرەبی هاوردە و بەعسی بوون. لە ترسی کورد هەڵ هاتبوون زۆربەی خانووەکان چوڵ کرابوون ئێمەش لە چەند ماڵی ئەم گەرکە دامەرزاین و چاوەڕوان ماینەوە کە شەو دابێت بۆ هێرش کردنە سەر دوژمن .

لە شاری کەرکوک ئەو گەرکەی  هێزەکەی ئێمەی لێ نیشتەجێ بوو هەر پانسەد مترێک لە مەعەسکەر خالید دور بوو. بە باشی جموجۆڵی هیزی دوژمنمانمان لە نێو بەشێکی زۆری مەعەسکەرەکە لە ئێمە دیار بوو. شەوی یەکەم کە هێرشمان بردە سەر ئەم مەعەسکەرە  وامان ئەزانی کە فەرماندەکانی هێزی پێشمەرگە بە تەواوی ساغ بوونەتەوە کە چۆن و بە چ شێوەیەک ئەم هێرشە بکرێت. بەڵام هەر پاش هێندیک تەقە لە هەردولا فەرمانی پاشەکشەیان پێ داین و دیسان گەڕاینەوە نێو ماڵەکانی ناسراو بە ماڵی شەهیدان. نازانم ئەو شەوە لە چەند لاوە هێرش کرایە سەر ئەو مەعەسکەرە زیانی گیانی پێشمەرگە چەندە بوو. بەڵام لای ئێمە هەوڵێکی وا نەدرا بۆ چوونە نێو مەعەسکەرەکە. ئێمە هەتا سەر رێگای قەتارێک(شەمەندەفەر) کە بە ئەو ناوەدا تێ ئەپەڕی چۆینە پێشەوە تەنیا سەنگەری ئێمە بووە رێگای ئاسنی قەتار  و هەروەک وتم پاش هیندێک تەقە گەڕاینەوە دواوە. وایی لیێ تێگیشتم کە هیچ کام لە فەرماندەکان مەیلی گردنی ئەم شوێنەیان نیە. یان ئەوەتا لە هێزەکەی خۆیان دڵنیا نەبوون کە لەم کارەدا سەرکەوتوو ئەبن. هەربۆیە زۆریان هەوڵ نەدا بۆ زیاتر چوونە پێشەوە. کاتێکیش گەڕاینەوە نێو ماڵەکان تەنانەت کەس ئامادە نەبوو کە نگابانی(حەرەسی) بدات. گوێم لێ بوو لەسەر حەرەسیات لە نێوان فەرماندەیەک و پێشمەرگەیەک بووە دەمەقرێ. پێشمەرگەکە کە هێندیک مەجاز شیتیش بوو وتی با ئەو ئێرانیانە (مەبەستی ئێمە ئەو چەند پێشمەرگەی رۆژهەڵات بوو) پرۆن حەرەسیات بەن. فەرماندەکەش وتی ئێمە خۆمان زۆرین و ئەوان تەنیا چەند کەسن و بێجگە لەمەش ئەوان مێوانن. کە پێشمەرگەکە قسەکەی بە فەرماندەکەی پری وتی من لە ئێران هەزار ئێرانیم ... ئێستا چۆن ئەوان حەرەسیات نادەن؟ بوو بە بەزمێک هەر نەبێتەوە. بۆ من موهیم نەبوو کە ئەو کەسی ئێرانی گاوە یان نە. ئەوەندە باش بو کە دیاری هاورێم کە ئەو ماوە کورتە کە پێکەوە بووین بۆم دەرکەوتبوو ئەویش مەجازێکی تایبەتی هەیە. لە ئەو کاتە لە لای ئێمە نەبوو دەنا هەرایەک هەڵدەستا. ئەودەمە هێشتا (تەنانەت ئێستاش) ئەوان خۆیان بە ئێراقی ئەزانی ئێمەشیان بە ئێرانی. ئەمە لە کاتێکا هەردوو سەر بەنەتەوەێکی خاک دابەش کراو چەوساوەی دەستی وڵاتانی ئێران و ئێراق و لە جێگای هەست و بیری کوردایەتی هەستی ئێرانچیتی و ئێراقچیەتی زاڵتر بوو لە لامان. ئەمەش بێ گومان ئەگەرێتەوە سەر لاوازبوونی شێوەی بیر کردنەوە و پەروەردە و بارهێنانی بیری نەتەوەی لە نێو ئەندامانی ئەو دوو حێزبە کوردستانیە کە ئێمە ئەندامیان بووین (یەکیتی نیشتمانی کوردستان و حیزبی دیموکرات).

شەوی دووهەم کە ئامادەبووین کە دیسان هێرش بەرینە سەر مەعەسکەر خالید. تووشی دوو پێشمەرگەی تری حیزبی دیموکرات (ریبەرایتی شۆرشگێر) بووم بە ناوەکانی عەلی تاتورە خەڵکی مەریوان و رۆستەم کە لە کوردە پەنابەرەکانی ئوردوگای ئەڵتاشی رۆمادیەی ئێراق بوو. ماوەیک بوو چەکی پێشمەرگایەتی هەڵگردبوو.ئەگەر هەڵە نەبم وتیان لە لای جەماعەتی "شیوعی"ن و چەند رۆژێکە لەگەڵ ئەوانین ئێستا ناردراون کە بەشداری بکەین لە هێرشکردن بۆ سەر مەعەسکەرخالید. داوی ئەم چاو پێکەوتنە ئیتر ئەم کورانەم نەبینیەوە. (عەلی تاتورە دوای لە بنکەی هەڵەبجەی رێبەرایەتی شۆرشگێر لە لایەن کۆماری ئیسلامیەوە ژەهر خوار کرا و گیانی لە دەست دا). هێرشی ئەم جارەشمان هەر وەک شەوی پێشتر وا بوو.واتا پاش هیندێک تەقە و هەرا و هوریا دیسان گەڕاینەوە دواوە. هەروەک وتم کەس هەوڵی جدی نە ئەدا بۆ گردنی ئەم شوێنە. بەرەی کوردستانی کە لە زۆربەی رێکخراو

و پارتیەکان پێکهاتبوو فەرماندەێکی هاودەنگی نەبوو. هەر پارتێک بۆ خۆی و بێ ئاگاداری ئەوانیتر ئەجوڵاوە. پارتەکان بۆ خۆیان بە هۆی مانەوەی چەندین ساڵەیان لە ئێران  پێشمەرگەیەکی وایان نەبوو کە هاوکات بتوانێت هەموو کوردستان کە ئێستا کەوتبووە بەردەستیان بپارێزێت. ئەو چەکدارانەی رژیمیش  کە بە رەزا یان بە زۆر هاتبوونە لای پێشمەرگە، هێشتا بە تەواوی نەخرابوونە ژێر کونترۆڵ و  رێکخستنی پارتە سیاسیەکانەوە. هەربۆیە بە مەیلی خۆیان بە دەستووری مستەشارەکان و سەرۆک عەشیرەکانیان ئەجوڵانەوە. دزی و تالانکردن لە ماڵە عەرەب و تورکمانەکاندا. تەنانەت گەرەکە کورد نشینەکانی شار کە لە ترسی تۆپبارانی رژیم هەڵ هاتبوون ببووە کاری ئەم چەکدارانە کە ئەبوایە پارێزگاری شاری کەرکوک بکەن. لە کەرکوک بە سەدان چەکی قورس لە دوژمن بەجێ مابوو بەڵام کەس هەوڵی نەئەدا کە ئەم چەکانە دژی پاشماوەی هێزی رژیم بەکار بێنێت. هەر بۆیەش کاتێک رژیمی سەدام بە هاوکاری رێکخراوی موجاهدینی خەڵکی ئێران هێرشیان هێنایە سەر شاری کەرکوک لە لایەن هێزی پێشمەرگەوە دژی ئەم هێرشەی دوژمن بەربەرەکانێکی ئەوتۆ نەکرا. ئەو رۆژە کە هێزەکانی ئیراق دیسان هێرشیان هێنایەوە سەر شاری کەرکوک، هێزەکەی ئێمە هێشتا لە ماڵەکانی نزدیک مەعەسکەر خالید مابووینەوە کە بەیانێکی زوو لە دەست پێکردنی شەڕ لە نێوشاری کەرکوک لای سەرەوەی ئەم شارە مات و حەپەساین. چونکە قەت باوەڕمان نەئەکرد کە تازە جاریکیتر رژیمی ئێراق بتوانێت وەک جاران هێرش بێنیتە سەر کوردستان.

خەڵک پێیان وابوو کە بوشی سەرۆک کۆماری ئەوکاتەی ئامریکا بریاری لە نێو بردنی سەدام و رژیمەکەی داوە و تازە لەم بریارەی خۆی پاشەگەز نابێتەوە. تەنانەت پاش راپەرینەکانی جەماوەری کوردستان و دەرکردنی هێزی رژیم لە کوردستان، شێعەکانی ئەو ولاتەش راپەرین بوون. چەندین شاریشیان گردبووە دەست. هەمووی ئەمانە زۆر کەسی هێنابووە سەر ئەو باوەڕە کە رژیمی بەعس لە تێکچووندایە. ئێستاچی بووتە هۆی  ئەوەی کە سەرۆک کۆمار بوش ڕاگردنی پێشڕەوی هێزەکانی ئامریکا و هاوپەیمانەکانی بەرەو شاری بغدا دەربکات جێگای ئەم باسەی من نیە.

بەڵام هەر ئەم نەهاتنە پێشی هێزی ئامریکا وای لە رژیمی سەدام حوسین کرد کە هێزێک بێنیتە بەر خۆی و بە شێویەکی تەند راپەرینی شێعەکان سەرکوت بکات و هاوکاتیش هێرشێکی بەر بەڵاوە بێنیتە سەر کوردستان کە لە شاری کەرکوکەوە دەستی پێ کرد. بۆ پارێزگاری لە شاری کەرکوک هێزێکی زۆر پێویست بوو. بەڵام بەرەی کوردستانی ئەم هێزەی نەبوو بۆ ئەم کارە. ئەو هێزە کەمە پێشمەرگەش کە هەبوو توانای ئەم کارەی نەبوو. کاتیکیش لە هێرشی رژیم ئاگادار کراینەوە لە چاو نووقانێکدا ئەو هیزەی ئێمە بە سەرلێشواوی تەنیا لە بیری ئەودا بوون کە چۆن خۆیان لە نێو شار نەجات بدەن. هەربۆیە هەتا لامان کردەوە کەسمان بەدەورا نەمابوو. ئێمە سەیارەیەکی عەسکەری رووسی گەورەمان هەبوو کە راست لەو کاتەدا پەیدا بوو ئەوانەمان مابووینەوە سوار بووین  بە نێو گەڕەکەکانی شاردا وەک کەسانێکی سەرلێشێواو بەرەو رێگای بازیان و سلیمانی چووین. بەڵام تازە درەنگ بوو چون دوژمن دەمێک بوو ئەم رێگایەی لێ گردبووین. وتیان دەبابەی لێ داناوە. بە ناچاری رێگای هەولێرمان هەڵبژارد. لێرەش بە سەدان سەیارە ریزی بەستبوو لە ترسی تۆڵەی دوژمن کوردەکانی دانیشتوی شار ماڵ و حالی خۆیانیان بەجێ هێشتبوو هەڵ ئەهاتن. لەم کاتەدا هێندیک پێشمەرگە لەسەر رێگای خەڵک سەیتەرەیان دانابوو داوایان لە پیاوەکان ئەکرد کە شار بەجێ نەهێڵن و شەڕ بکەن یان چەکیان لەو خەڵکە هەڵ هاتووە ئەستاند. لەو دەمەدا دەبابە و هەلکوپتر خەڵکەکەیان دایە بەر دەست رێژ ئەمەش بووە هۆی کوشتن و بریندار بوونی خەڵکێکی زۆر کە بە زۆری ژن و منداڵ بوون. خەڵکی نێو سەیارەکان بە ناچاری روویان لەو دەشتە کرد هەرکەسەو لە بیری نەجات دانی ژن و منداڵ و کەسوکاری خۆیدا بوو.

سەیارەکەی ئێمە سەرەرای ئەو هەموو تەقەیە لە هیچ شوێنێک بەر نەکەوت کاکی سایەق رووی لە جادەیەک کرد کە دوای بۆمان دەرکەوت رێگای تەق تەق و کۆیە یە و شەو گەیشتینە شارۆچکەی تەق تەق کە لە خەڵکی

ئاوارەی کەرکوک جمەی ئەهات. پێشتر لە هەڵ هاتنەکەی شاری کەرکوک، سەلیم ئاغا و دیاری هاوڕێی منیش لێمان دابڕابوون. وامان دانابوو کە ڕەنگە ئەوانیش لە کاتی کوژرانی خەڵکە زۆرەکەدا بەر کەوتبن. نگەرانیی ئەمانیش هاتە سەر نگەرانیی لەدەست دانی کەرکوک. بەڵام دوای ئاگادار بووینەوە کە ئەوان پێش ئەوەی دوژمن ڕێگای سلێمانی بازیان بگرێت خۆیان لە شار نەجات دابوو بەرە و سلێمانی ڕۆیشتبوون. سەلامەت بوونی ئەوان لەو کاتەدا هەواڵێکی خۆش بوو. بەم شێوە شاری کەرکوک دیسان کەوتەوە دەستی ڕژیمی سەدام حوسێن. خەڵکەکەی دیسان ئاوارە بوون ئەو خەونە لە مێژینەی کوردیش کە ڕۆژێک ببێتە خاوەنی شاری کەرکوک ئەم جارەش ئاوا بە ئاسانی بە فیڕۆ ڕۆیشت.

کاتێک سەلیم ئاغا و دیار پاش دابڕانیان لە ئێمە لە شاری کەرکوک هاتنەوە لامان. ئێمەیان ناردەوە بۆ لای هەولێر. لە ئۆردوگای خەبات کە بەشێکی خەڵکی ئەم ئۆردوگایەش خەڵکی ناوچەکانی لای قەڵادزێ بوون و کاتی خۆی بە زۆرەملی لە لایەن حکومەتی ئێراقەوە لەم ئۆردوگایە نیشتەجێ کرابوون. شەو و ڕۆژێک میوانی خەڵکی ئەم ئۆردوگایە بووین. باش حەسانەوە بەرەو شاری هەولێر نێردراین لەوێشەوە وتیان کە دوژمن پاش گرتنی شاری کەرکوک و شارەدێی پردێیشی گرتووە کە کەوتوتە نێوان هەولێر و کەرکوک ئێستا بۆ گرتنەوەی ئەم شوێنە ئەیێت هێرش بەرینە سەر هێزی دوژمن. ئێوارە کە لە هەولێر بەرێ کەوتین بە سەدان سەیارە هەرهەمووشی پڕ لە چەکدار. هەرکەسە ئەم هێزی ئەبینی پێی وابوو نەک پردێ بەڵکوو ڕەنگە کەرکوکیش بگرێتەوە دەست. چون ئەوەندە هێزێکی زۆر بووین! شەو کە نزدیکی پردێ بووینەوە لەو هێزە زۆرە وابزانم نزدیک بە دە کەس مابووینەوە! ئەویش چەند کەسێکی بادینی بوون کە پێشتر سەدام لێرەی بە زۆر نیشتەجێی کردبوون وابزانم وەک چاو ساق ڕێ پیشاندەر لەگەڵ ئەم هێزە کەوتبوون. وامانزانی کە ڕەنگە ئێمە لە هێزەکە دابڕابین. ئەوان ڕەنگە هەر ئان شەڕ دەست پێ بکەین. کەچی خەریک بوو ڕۆژمان لێ بیتەوە و لە هیچ لایەکیش هیچ تەقەیک نەکرا ئێمەش بە ناچاری گەڕاینەوە ئەو شوێنەی کە سەیارەکانمان لێ بەجێ هێشتبوو. فەرماندکەمان لە نێو سەیارەکەدا خەوی لێ کەوتبوو هەڵمان ساند و وتمان کە خەریکە ڕۆژمان لێ بیتەوە هیزەکەی ئێوارەش کەسی دیار نیە. ئەویش وتی سوار بن ئەگەڕێنەوە بۆ ئۆردوگای دارەتوو لەسەر ڕێگای هەولێر کەرکوک. بەیانی گەیشتینە ئەو ئۆردوگا کە زۆربەی دانیشتوانی ئێستا ئیتر پاش نەمانی دەسەلاتی سەدام حوسەین گەرابوونەوە بۆ شوێنی ژیانی خۆیان و پێش ئۆردوگانشینی.

تازە هەوا ڕووناک ببوو کە بە دەنگی هەلیکپتر و تەقەی دەبابە ڕاچڵەکاین. کە لە ماڵەکان هاتینەدەرەوە. دیسان هەروەک بەزمەکەی لای مەعەسکەر خالیدی کەرکوک هەرکەسەو لە بیری هەلاتن و نەجاتی گیانی خویدا بوو. هاوڕێیەکانمان پێش ئەوەی ئێمە لە ماڵ بینەدەرەوە سواری سەیارەکانیان ببوون و بەرەو گوندی کەس نەزانی نێوان کویە و هەولێر هەڵهاتن. من و دیار و سەید حوسێن هەرچی بانگمان کردن بە دەمانەوە نەوەستان. ئیتر ئێمەش ناچار بە ئەو دەشتەدا بەدوای ئەوانەوە بەرەو گوندی کەس نەزان بەرێ کەوتین. خەڵکی شاری هەولێر لە ترسی تۆڵەی ڕژیم شاریان بەجێ ئەهێشت. ئەو دەشتە لە خەڵک ڕەش هەڵگەڕابوو. لە نێوەی ڕێگادا لەگەڵ دیار ساغ بووینەوە کە ئێمە وەکوو ئەوانیتر نەکەین و بەڵکوو بچینەوە بۆ نێو شاری هەولێر. سەید حوسێنشمان لەگەڵ هات. ئێمە پێمان وابوو کە جارێکیتر ڕووداوەکانی کەرکوک دووپات نابیتەوە ڕەنگە بۆ پارێزگاری هەولێر بەرەی کوردستانی پلانێکی دیاری کراوی هەبێت. ئێمەش ئەتوانین بەشی خۆمان یارمەتیان بدەین. بەم نیازە ڕوومان لە شاری هەولێر کرد.

دیمەنێکی سەیر بوو سێ کەسی بە پێچەوانەی سەدانی کەسی تر ڕێگامان ئەپری و ئەڕۆیشتین. خەڵک لە هەولێر دەر ئەچون ئێمە بەرە و هەولێر! گەیشتینە بەر بنکەی بەرەی کوردستانی کە بینایکی گەورە بوو. بەڵام چوڵ کرابوو و کەسی لێ نەبوو. نانێکی زۆر هاتبوو بۆ پێشمەرگە بە جیان هیشتبوو ئێمەش سێ کەسی دەستمان کرد نانەرەقە خواردن. تەقەی شەڕ دەهات بەڵام بە ئەو شێوە نەبوو کە نیشان بدات شەڕێکی قورس هەیە. لە سەر سەوزایی حەوشی بەرە لە بەر ماندووی نێو ساعاتێک خەومان لێ کەوت. پاشان کە هەستاین لە

نەهاتنی کەسێک بۆ ئەو شوێنە نگەران بووین ئەو شوێنەمان چۆڵ کرد. شەقام بە شەقام و کۆڵان بەکۆڵان گەیشتینە ئەو جادە شەستییە کە بەرەو شەقڵاوە ئەڕۆیشت. لێرەدا دیسان تووشی خەڵک بووین کە پەرێشان بەرەو لای شەقلاوە شاریان بەجێ ئەهێشت. هاوکات لەگەڵ ئەم خەڵکە گەیشتینە دوایین گەرەکی شار. ئێرە پڕ بوو لە خەڵک و پێشمەرگە. هەر چەند کەسێک لە بن دیواری ماڵی ئەو گەڕکەدا خۆیان حەشار دابوو. زۆری نەبرد تێگیشتین کە دوژمن سەر ڕێگای شەقڵاوەی لێ گرتووین ئەم خەڵکە چاوەڕوانن هەوا تاریک دابێت ئەوجار لە شار پرۆنە دەورەوە. هەتا ئەو کاتەش چەند ساعاتێکی مابوو. لە چەند پێشمەرگەیەک داوامان کرد کە پێکەوە هێرش بەرینە سەر ئەو هێزەی دوژمن کە سەر ڕێگای ئەم عالەمەیان گرتووە. ئەوانیش لەگەڵمان هاتن هەتا نزدیکی ئەم هێزەی دوژمن بووینەوە کە چەند کۆڵانێک ئەولاتر لە گەرکێکی سەناعی سەنگەریان گردبوو. دیار جەناح چەکێکی ئارپی‌جی لە پێشمەرگەکان وەر گرد و یەکێک لە تانکەکانی بە یەکەم گوللە پێکرا. هاوکاتیش تەقەمان لێ کردن. هێزێکی زۆر نەبوو و زۆر زوو تێکچوون. بەڵام ئەو پێشمەرگانە لەگەڵمان بوون مەیلی شەڕیان نەبوو زیاتر هاوکاریان نەکردین. بەجێیان هێشتین ئێمەش بە ناچاری گەڕاینەوە لای خەڵکەکە. پاش ماوەیەکی تر چەند چەکداریکیتر پەیدا بوون کە دیار بوو ئەمانە کۆنە چاش بوون هەمووشیان کەسوکاری یەک و خەڵکی یەک شوێن بوون. داوامان لە ئامر مەفرەزەکەیان کرد کە بەڵکوو لەگەڵمان بێن پرۆینەوە سەر ئەو هێزەی دوژمن. بە دڵ و نابەدڵ لەگەڵمان هاتن ئێستا ئیتر ئێمە شارەزای کۆڵانەکانی ئێرە بیووین ئەوانمان ڕێنوێنی دەکرد. بۆ ئەوەی تانکە جێماوکەی دوژمن و شوێنی شەڕکەمان نیشانی ئەو چەکدارانە بدەین ئەبوایێت لە دیواری مەعمەلی بلوک سازی هەڵکشێین بۆ سەورەوە پاشان ئەگیشتینە نزدیکی ئەو جادەی کە تانکەکەی پەکی کەوتبوو. بۆیانمان باس کردن کە چۆن پێشتر هجوومان بردووەتو سەریان و ئێستاش ئەگەر هاوکات هێرشێکی تر بەرینە سەر ئەم هێزەی دوژمن کە لە ئەوە ئەچو هێزێکی زۆریش نین تێکیان ئەشکێنین و بەم جۆرە ڕێگای چونەدەرەوەی ئەو هەموو ژن و منداڵ ئەکرێتەوە. کەچی لە ناکاو رووی چەکەکانیان لێ کردین و دەستیان کردە هەرەشە کردن لە ئێمە. بەڵایانەوە سەیر بوو کە سێ پێشمەرگەی رۆژهەڵاتی ئەم کارەیان کردبێت دوایەش بۆیان جێگای پرسیار بوو کە ئێمە چکارەین و چۆن گەیشتوینەتە ئەو شوێنە. باش بوو یەکێک لەو چەکدارانە لەوانیتر برێک ژیرتر دیار بوو نەهێشت کەسیان تەقەمان لی بکەن دەنا هەر لەوێ هەرسێ کەسمانیان بە ناوی موجاهیدی خەڵکی ئێران ئەکوشت. بۆ یەکەم جار مەجبوور کراین کە بڵێین ئەندامی حێزبی دیموکرات و کارتی پێشمەرگایەتی حیزبیان پێ نیشان بدەین هەتا ئارام بوونەوە. ئیتر بەجێیان هێشتین. ئێمەش باش ئەم ڕووداوە گەڕاینەوە لای خەڵکەکە لەگەڵ ئەوان چاوەڕێ ماینەوە هەتا هەوا تاریک دابێت. شاری هەولێر بەجێ بێڵین.

ئێوارە کە هەوا تاریکی کرد ئەو خەڵکەی هێشتا لە شاری هەولێر مابوونەوە شاریان بەجێ هێشت. ئێمەش سێ کەسی لەگەڵ خەڵکێکی زۆر و لە ژێر تەقەی چەکی دوژمندا دوایین گەڕەکی شاری هەولێرمان بەجێ هێشت. بەم شێوەیە هێزی حکومەتی ئێراق بێ شەڕ و پێکدانێکی وا دیسان شاری هەولێری گرتەوە بەر دەستی خۆی و هێزی پێشمەرگە و زۆربەی خەڵکی ئەو شاری لەو شوێنە بەدەرنا. بە هۆی ناشارەزایمان لە ناوچەکە هەولمان دا هەتا بۆمان ئەکرێ لەگەڵ ئەو خەڵکە ئاوارەیە ڕێگا ببرین. ژنێکی بەساڵاچوومان لە ڕێگا تووش بوو کە پێویستی بە یارمەتی بوو دیار جەناح یارمەتی دا دەستی ئەکێشا. ژنەش زوو زوو دۆعای خێری دیاری ئەکرد هاوکاتیش وەسیەتی خۆی بۆ دیار دووپات ئەکردەوە کە ئەگەر هاتوو مرد هەواڵ بدەین بە منداڵەکانی لە گوندی مەلاعومەر. چەند جار تووشی چەند گوندی چەند ماڵی هاتین بەڵام ئەوانیش خەڵکی ئاوارەی هەولێریان هاتبووە سەر و لە هیچ شوێنێک ڕێگای حەسانەوەمان بۆ نەبوو. بەڵام ژنکەی خەڵکی مەلاعومەرمان لە یەکێک لەم گوندانەدا بەجێ هێشت چون ئیتر تەوانای ڕێگا پرینی نەمابوو. ئێمەش بە هۆی ماندووبوونێکی زۆر لە شوێنێک کە بە هۆی بارانی چەند ڕۆژی رابردوو هێشتا هەر عەرزکەی تر بوو خەومان لێ کەوت. بەڵام زۆری نەبرد لە بەر سەرما هەستاین دیسان ملی ڕێگامان دایەبەر.

ئێستا ئیتر هەر سێ کەس بووین هەتا بەیانی ڕێگامان پری کە ڕۆژمان لێ بووەوە زانیمان لە ژێر پێچەکانی ڕێگای هەولێر بۆ مەسیفین. خانویەکمان لێ دەرکەوت کە زیاتر لە کارگە و شتی وا ئەچوو هەتا خانووی ئاسایی. کە

چووینە پێشەوە دەرکەوت جێگای پەروردەکردنی مریشکە. ئێمەش برسی و ماندوو. دوو دانە مریشکمان هێنا لە شوێنێک ئاگرمان کردەوە و دەستمان کردە مریشک برژاندن. باش بوو تین و گورێکی پێدایین ئیتر ئەمانتوانی ئەم هەورازەی رێگای مەسیفە ببرین. کابرایەک پەیدا بوو کە ماڵ و حاڵی خۆی سواری تراکتور و عەرەبانە کردبوو بەرەو مەسیف ئەرۆیشت. سەید حسینمان نارد بۆ لای کە بەشکوو ئێمەش سوار بکات هەتا مەسیف. بەسەید حوسینی وتبوو کە ئێوە مەشکوکن، ئەگەر چەکەکانتان بدەن بەمن سوارتان ئەکەم لە سەرەوەش (مەسیف) ئەیێت تەحوێلی پێشمەرگەتان بدەم. دیار بوو سەید حوسین قسەی کابرای پێ باش ببوو. بەڵام من و دیار ئەم کارە کە چەکەکانمان بدەین بە ئەو کەسە پێ باش نەبوو هەربۆیە رێگا پرینەکەمان بەلاوە باشتر بوو هەتا سواری ئەو تەراکتورە. ئەگەری ئەوە هەبوو کە کابرا بەناوی موجاهیدی خەڵک تەحوێلی پێشمەرگەمان بدا کە بێ گومان هەر لە یەکەم دەقیقەدا ئەیانکوشتین. دوێنێ لە هەولێر بە چاوی خۆمان بینیمان کە لە بەر بەنزین خانەیەک لە سەر جادە شەستیکەی هەولێر بۆ شەقلاوە چۆن کابرایەکی چەکدار کەسێکی تری لە نێو ژن و منداڵدا دایە بەر دەستریژ و کوشتی وتی موجاهیدە. ئێستاش ئێمە لەوە ئەترساین کە تووشی رووداوێکی ئەوتۆ بین.

پاش گرتنەوەی شاری کەرکوک لە لایەن رژیمی ئێراقەوە دەنگوباسی ئەوە بەڵاو بووەوە کە رێکخراوی موجاهیدینی خەڵکی ئێران کە هێزەکەی لە ئێراق نیشتەجێ بوو و پێوندیەکی گەرمیشی لەگەڵ حکومەتی ئێراق هەبوو. بۆ گرتنەوەی شارەکانی کەرکوک و هەولێر. هاوکاری نیزامی ئێراقی کردووە و لە ماوەیەکی کورتدا بە دەیان دەنگۆ لە سەر ئەفرادی ئەم رێکخراوە بڵاو کرایەوە کە چۆن بە دەستی پێشمەرگە کوژراون. چۆن پێشمەرگە چەندین کچ و کوری ئەم رێکخراوەی لە بەرەکانی شەڕدا گرتەوە و ئێستا بە پاسێک بردیانیان بۆ شەقلاوە و دەیان قسەی تر کە بێجگە لە قسەی خەڵکی هیچی بە چاو نەبینرا

لە کاتی هێرشی هێزی دوژمن بۆ سەر شارەکانی کەرکوک و هەولێر و دەوروبەری لە هیچ شوێنێک شەڕ و بەربەرکانێکی ئەوتۆ نەکرا. نەمبیست کە لە شوێنێک هێزی دوژمنی لێ کوژرابێت یان تەرمی کوژراوی هێزی دوژمن لە بەریەکی شەڕدا کەوتبێتە دەستی پێشمەرگە کە ئەگەر وا دەبوو باشتر و ئاسانتر بەشداریی موجاهدینمان بۆ ئەسەلما. رێکخراوی موجاهیدینی خەڵکی ئێران لە هەر هێزێکی تری ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی کە  ئەودەمە بنکەیان لە وڵاتی ئێراقدا بوو، زیاتر بەستراوەیی  بە حکومەتی ئێراق و دامودزگاکانی ئەم حکومەتەوە بوو. ئەم رێکخراوە تا رادەیەکی زۆریش مانەوەی خۆی لە مانەوەی حکومەتی سەدام حوسێندا ئەبینی. ئەو دەمە دەنگوباسی ئەوەش هەبوو کە گویا یەکێک لە فەرماندەکانی یەکیتی نیشتمانی کە نێوانیشی لەگەڵ حکومەتی ئێران ناخۆش نەبووە هەر بە هاندانی ئەوانیش چەند جارێک شوێنی ئەفرادی موجاهیدینی خەڵکی داوەتە بەر هێرشی تۆپ و هاوەن. ئەمانە و زۆرشتی تر رەنگە وای لەم رێکخراوە کردبێت کە پشت لە هەر پرنسیپێکی مرۆڤانە بکات ببێتە هاوسەنگەری خۆنریژترین دیکتاتۆری سەردەم و هێرش بێنێتە سەر گەلی کورد لە باکووری کوردستان. هەر لە ئاکامی ئەم هێرشەی ئەوان (موجاهید و ئێراق) کە سەدان هەزار لە خەڵکی کوردستان ماڵ و حاڵی خۆیان بەجێ هێشت بە سەدان کەس کوژران سەدان منداڵی کورد تۆشی نەخۆشی بون لە دۆڵ وبن بەردەکانی کوردستان بەدەستی دایک بابیان نێژدران.

هەر جۆرێک بێت ئەم هاوکارییەی موجاهدین لەگەڵ هێزی حکومەتی ئێراق هاتووچوی ئێمە سێ پێشمەرگەی رۆژهەڵاتی زۆر زەحمەت کردبوو. شێوەی ئاخافتنمان جلوبەرگمان بەتایبەت سەید حوسێن کە چاویلکەی لە چاودا بوو، ئەمەش وای لێ ئەکرد کە ئەو هاوریمانە زیاتر لە موجاهید بچێ هەتا پێشمەرگەیەکی کورد. زۆر زوو سەرنجی هەموو کەسی رائەکێشا. بۆ هەر شوێنێک ئەرۆیشتین پێشمەرگە و خەڵکی ئاسای چەکداری کۆنی بەعس لێمان بە گومان ئەکەوتن و رێگایان لێ ئەگرتین. پرسیاری هەوەیان لێ ئەکردین. ئەم کارە پەیتاپەیتا دووپات ئەبووەوە. لە مەسیف چووومە مەقەڕی بەرەی کوردستانی. حەسەن کوێستانی کە دوای لە شەری براکوژیدا بوە قوربانی، بەرپرسی ئەم شوێنە بوو. هەموو بەسەراهاتەکەی خۆممانم بۆ باسکرد. بۆم گێراوە ئێستا

چون ئیتر لە دەستەکەی سەلیم ئاغا دابراوین و کەسی تر ناماناسن ترسی ئەوەمان هەیە بە ناوی موجاهید تووشی رووداوێکی ناخۆش بین. هەربۆیە بەڵکوو وەرقەیەکمان بۆ بکات کە هەتا ئەگەینەلای دەستەکەی سەلیم ئاغا، پێشمەرگە یارمەتیمان بەن. ئەویش وەرقەیەکی بۆ نووسین کە ناوی هەر سێ کەسمانی تیدابوو کە دۆستی خۆیانین تکایە لە هیچ شوێنێک رێگایان لێ نەگرن. ئیتر باش بوو ئەو وەرقە تا رادەیەک هاتووچۆی لێ ئاسان کردین. لە مەسیف تووشی کۆنە چەکدارێکی ئێراق بووین بە ناوی موشیر کە پاش راپەرینەکە ئەویش لای دەستەکەی سەلیم ئاغا ببووە پێشمەرگە. بەڵام لە شەڕەکەی کەرکوک لێمان ون ببوو. شەوی یەکەم هێندێک پێی خەوی بۆ هێناین ئێمەش وەک ئەو هەموو خەڵکە ئاوارەیە لە کۆڵانێکدا رۆژمان کردەوە. خەڵکی مەسیف بۆ خۆیان بە زۆری ماڵ و حاڵیان بەجێ هێشتبوو. ئاوارەکانی شاری هەولێرش بۆ پەیدا کردنی خواردن و جلوبەرگ و شتومەکی خەوتن درگای ماڵە چۆلەکانیان ئەشکاند و ئەوەی پێویستیان بوو ئەیان هێنا. بۆ رۆژی دوای دیسان هێزێکی زۆر کۆ کرایەوە کە هێرش بەرن بۆ سەر شاری هەولێر. بە سەدان سەیارە لە مەسیفەوە بەرێ کەوتن بەرەو هەولێر ئیمە چون پێشتر ئەم فیلمەمان بینی بوو بروامان پێ نەکرد، دوایەش نەوەک بەتاوانی موجاهید تووش بین لەگەڵ ئەم هێزە نەرۆیشتین بەڵکوو موشیرمان هێنایە سەر ئەو باوەرە کە چۆن ئەویش پێشمەرگەی دەستەکەی سەلیم ئاغایە، هەر چوار کەسمان پێکەوە بەدوای ئەواندا پرۆین و هەتا ئەیانبینینەوە. موشیر شارەزای رێگا و ناوچەکە بوو، هەربۆیە بە پێیان بەرێ کەوتین بەرەو شاری کۆیە و بەدوای سەلیم ئاغاو پێشمەرگەکانی. چوار کەسی ملی رێگای شاری کۆیەمان گرتەبەر. لە نزدیکی کەس نەزان لۆریەکی بەرەی کوردستانیمان تووش بوو سواری کردین بۆ شاری کۆیە بەڵام هەرکەسەو 20 دیناریشی لی ساندین. بەتەما بووین پرۆینە بەر بنکەی بەرە و نارەزایەتی خۆمان لەو شوفیرە دەرپرین. بەڵام دوایی بۆمان دەرکەوت کە هەڵومەرجەکە زۆر بێ سەروبەرەیە و پێی ناچیت کەس گوێمان لێ راگرێ یان ئەو کابرایە بانگ بکەن لە ئەو کردارەی کە لەبەرانبەر ئیمەدا کردی سەرکۆنەی بکەن. لە کویە هەواڵی هاورێیانی سەلیم ئاغامان پرسی وتیان رۆیشتوون بۆلای رانیە. خەڵکی شاری کەرکوک. هەولێر. کۆیە و دەوروبەری هەرهەموو شاری کویەیان چۆڵ ئەکرد و رێگای رانیەیان گردبووە پێش. بە سەدان سەیارە و تەراکتور بە عەرەبانەوە لە هەورازی هیبەسوڵتانی کویە بەرەو دیوی رانیە بەرێگاوە بوون. لە یەکەێک لەم تەراکتور و عەرەبانانەدا ئێمەش جێگای خۆمان کردەوە شەو گەیشتینە ئوردوگای حاجی ئاوای نزدیک شاری رانیە. زۆر ماندوو و برسی بووین دەیان ماڵ گەراین تاکوو باش بوو ماڵێک وەری گرتین هێندیک خواردنیان داینێ دیوێکیش بۆ خەوتین. بەڵام تازەچاومان چوبووەیەک لەبەر مەقۆمەقۆی خاوەن ماڵ هەستاین! هەستمان کرد شتێک ئەبێت رووی دابێت. پێیان وتین کە جەیش و موجاهید بە رێگاوەن ئێستا ئەمانیش تێکرای خەڵکی ئوردوگای حاجی ئاوا ماڵ و حاڵی خۆیان ئەپێچنەوە و بەرەو سنووری ئێران هەڵدێن. هەرچی هاوارمان کرد و پێمان وتین ئەگەر جەێش موجاهیدیش بەرێگاوە بن ئەمشەو ناگەنە ئێرە فایدەی نەبوو. لێفیان لەسەر لابردین و پێچایانەوە خۆیان ئامادەی هەڵهاتن کرد. ئێمەش ناچار ماڵئاوایمان لێ کردن بە نێو کوڵانەکانی ئوردوگادا بە دوای بنکەی پێشمەرگە یان مزگەوتێکدا دەگەڕاین کە بتوانین هێندێک بخەوین. هەتا بەیانی هیچ شوێنێکمان پەیدا نەکرد. بۆ رۆژەکەی چووینە بنکەی پێشمەرگەکانی یەکیەتی نیشتمانی لە شاری رانیە. تووشی کاک ساڵەح جێگیری سەلیم ئاغا بووین. بۆی باس کردین کە سەلیم ئاغا و پێشمەرگەکانی ژیر فەرماندەی ئەو رۆیشتوون بەرەو لای قەڵادزێ. ئەوەشی پێی وتین کە ئەگەر هێرشی دوژمن هەروا بەردەوام بێت رەنگە دیسان ئێمە روو لە ئێران بکەینەوە. کە ئەو کات ئێوە ئیتر ناتوانن لەگەڵمان بمێنەوە. باشتر وایە ئێوەش بگەرێنەوە لای حیزبی خۆتان. ماڵئاوایمان لێکردن. لەگەڵ سەید حوسێن و دیار گەرِاینەوە بۆ بنکەکانی حیزب لە دۆلێ. "دیار" ئەو کورە ئازا ونەترسە بەداخەوە دواتر بوە قوربانی نێوان ناخۆشی دوباڵەکەکانی حیزبی دیموکرات.

ورەی خەڵک و پێشمەرگە تا رادەیەکی زۆر دابەزی بوو. ئەم خەڵکە شیمیای باران کردنی هەڵەبجە و چەندین شوێنی تری کوردستانیان بە دەستی رژیمی سەدام حوسێن بینیبوو. ئەنفالیان هێشتا لەبیر نەکردبوو کە چۆن ئەم رژیمە بە هەزاران کوردی بێ سەروشوێن کرد و کەس نەیزانی لە کوێی خنکاندنی و دەیان کارەساتی

نامرۆڤانەی تری ئەم رژیمەیان بینی بوو. ئێستاش ئەیانزانی کە ئەگەر هێزی حکومەت دەستی پێیان بگات رەنگە لە جاران خراپتر و دڵرەقانەتر لەگەڵیان بجوڵێتەوە. ئەمەش وای لێ ئەکردن کە زۆربەی خەڵکی کوردستان بکەونە بیری هەڵ هاتن و ماڵوحاڵی خۆیان بەجێ بێڵن و ڕوو لە چیاکانی کوردستان بکەن و لەوێشەوە بەرەو پارچەکانی تری کوردستان کۆچ بکەن.

هێزی رژیمی ئێراق هەروا بەردەوام بوو لە داگیر کردنەوەی شار و ئۆردوگاکانی کوردستان و خەڵکیش هەروا بەردەوام بوون لە کۆچ کردن بەرەو ناوچە سنوورییەکان. تەنانەت هێزی دوژمن لە شاری کۆیەوە هاتبوونە سەر بەرزاییەکانی هیبەتسوڵتان. شەڕەکە وردە وردە نزدیکی رانیەش ئەبووەوە شاری رانیە کە پێشتر پڕ ببوو لە ئاوارەکانی شارەکانی سلێمانی و کەکوک و هەولێر و شوێنەکانیتر وردە وردە خەریک بوو بەرەو چۆڵ بوون ئەڕۆیشت. من پێشتر بڕیارم دابوو کە هەتا ناچار نەبم ناگەڕێمەوە لای بنکەکانی حیزبی دیموکرات (ڕیبەرایەتی سۆرشگێر). شەوی یەکەم لە لای هاورێکم کە ئەویش مێوانی ڕێگای کریکار بوو لە بنکەکەی ئەوان مامەوە. بیستبووم کە ڕێبەرایەتی شۆرشگێر بڕیاریان داوە کە ئەو کەسانەی سەربەخۆ رۆیشتوون و بەشداری ڕاپەرینەکەیان کردووە وەر نەگرنەوە. ئەگەر ئەم بڕیارە ڕاست بێت رەنگە ترسی رژیمی سەدام حوسێن هانی دابێتن کە هەڵوێستێکی وا بگرن. ئەگەرچی نەمر کاک عوسمان رەحیمی کە ئەو دەمە بەرپرسی کومیسونی تەشکیلات حیزبی دیموکرات (ڕێبەرایەتی شۆرشگێر) لە ڕێگای هاورێیەکمەوە هەواڵی بۆ ناردبووم کە هەر وەک جاران ئەتوانم بگەڕێمەوە لای ئەوان و ڕۆژێکیش هەر لە شاری ڕانیە تووشی کاک موزەفەر میتران بووم کە ئەندامی کومیتەی ناوەندی ڕێبەرایەتی شۆرشگێر بوو، کە ئەویش هەر داوای لێ کردم کە بگەڕێمەوە لایان. بە چۆڵ بوونی شاری رانیە لە خەڵک و پێشمەرگەی بەرەی کوردستانی منیش بە ناچار گەڕامەوە لای بنکەکانی ح د ک. ڕێبەرایەتی شۆرشگێر چەند رۆژی لە لای رەحمان قوربانی هاورێم میوان بوم.

پێشتر من و دوو هاورێترم کە یەکەمیان مێوانی ڕێکخراوی ڕێگای کرێکار بوو و دووهەمیشیان مێوانی ڕێکخراوی سازمانی چریکەفیدایەکانی خەلک شۆرای عالی. ساق ببوینەوە کە هەر جۆرێک بووو بتوانین بەشی خۆمان یارمەتی ئەم خەڵکە بدەین. کە ئێستا لە رووی ناچاریەوە لەم سەرما و تەڕو تووشیەدا ڕێگای شاخەکانی کوردستانیان گرتبووە پێش. بۆ ئەم مەبەستە سێ کەسی زاگرۆس. کاوە و خالید بەیانییەکی زوو ڕێگای چیای کارۆخمان لە پێش گرت. ئێوارەکەی سەرمان لە ناوچەی رەواندز دەرچوو. خۆمان بە بنکە پێشمەرگەکانی پارتی کوردستان لە شاری دیانا ناساند بە بۆنەی هاورێی یەکەمەوە واتە زاگرۆس وەریان گرتین. ئێستا ئیتر هێزی پێشمەرگە هێندێک بە خۆیدا هاتبووەوە لە چەند بەرەیەکی شەڕدا بەرەنگاری هێزی دوژمن ببونەوە. یەکەم لە شاخی ئەزمەڕی پشتی شاری سلێمانی و دووهەم لە کۆرێ کە کەوتووەتە نێوان شارەکانی شەقلاوە و هەولێر پێشیان بە هێزی دوژمن گرتبوو. هەر پاش ئەم شەڕانە بوو کە دیسان ڕێبەرانی کورد و حکومەتی ئێراق کەوتنە وتووێژ و شەڕیان ڕاگرت. تالەبانی و بارزانی سەردانی بەغدایان کرد. مام جەلال لە پێش چاوی کوردە لێقەوماوەکانی ئەو دەمەدا، ئەملا و ئەولای سەدام حوسێنی ماچ کردا! پاشانیش ئامریکا و هێزە هاوپەیمانەکانی هێڵی 36 دەرەجەیان بۆ سەدام دیاری کرد کە ئیتر لەوە زیاتر بۆی نیە بیتە پێش. فڕکەکانیان بۆ پارێزگاری لەو بەشەی کە کەوتبوە ژێر هێڵی 36 دەرجەوە بەردەوام بە ئاسمانی ئەم ناوچانەدا ئەگەڕان و بەشێک لە کوردستانیش کەوتەبەر ئەم خەتە. پارتیی کە ئەو دەمە ئێمەی ڕاگردبوو نارد بۆ شاری شەقلاوە لە بنکەی لیژنەی شەقلاوەی پارتی. ئوستا یونس کەدوای لەشەری نێوی خۆیدا بوە قوربانی ئەو شەڕە،، بەرپرسیان بوو. وەک پێشمەرگە وەرگیران هەتاکوو هاتنمان بۆ ئورپا کە هەر ئەوان یارمەتیان داین لە لایان میوان بووین .

**6 ی مارسی 2011**